# سەد ساڵ پاش یەکەمین  شۆڕشی ڕووسیا

نووسینی : ماینا فان دێر زڤان
وەرگێڕانی:  ئاسۆ شابان
٢٠٠٥ / ١ / ٢٦
a_shaban1@hotmail.com

(( لەم مانگەدا ، بەدڵنیاییەوە ( ١٠٠ ) ساڵ لەمەوبەر لە ڕووسیا ، شۆڕشێك هەڵقوڵا ، ئەوە یەکەمین شۆڕش بوو لە سەدەی بیستەمدا ، تاقیکردنەوەیەکی گشتی بوو بۆ شۆڕشی  ١٩١٧ )) .

یەنیوری , Januari
مانگرتنێك لە کارگەی ( پۆتیلۆف ) لە ( سانت پیترسبۆرگ ) بۆ ماوەی ( ٣ ) ڕۆژ درێژەی کێشاو نزیکەی (١٤٠) هەزار کرێکار بەشداریان تێداکرد ، لە (٩) ی هەمان مانگدا ، هەزارەها خۆپیشاندەر لەگەڵ تفەنگ بەدەستە قەمە دارەکانی تساردا ، دەستەو یەخە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا گیانیان لە دەستدا ، ( ئەو یەکشەمە خوێناویە ) بوە هۆی دروست بوونی وەلآمێك ، کە مانگرتنێکی جەماوەری بە دوای خۆیدا هێناو تا مانگی مارت (٣) درێژەی کێشا .

یونی  , Juni
گەورەترینو یەکەمین یاخی بوونی دەریاوانە سەرەتاییەکانی لەشکری دەریای ڕەش ، لەسەر پارچە پتەوە داڕێژراوەکانی کەشتیەکانی ( پۆتیم کین ) دەستی پێکرد ، یاخی بوونی هێزی سەربازی دەریایی بووە هۆی ڕوودانێکی کتووپڕی هاوتای مانگرتنە جەماوەریەکانو یاخی بوونی دەریاوانەکانو لەشکری بەندەری دەریایی  ( کرۆنشتاد ، ئۆدیسا ، نیکۆلایف ، لیباو ، فلادیفۆستۆك )  .

ئۆغستۆس  , Augustus
تسار ئامادەکاریەکی لە ( نوێنەرایەتی جەماوەر ) پێکەوەنا ، پەرلەمانێك ، کە لەلایەن کەمترین خەڵکەوە هەڵبژێردران ، ئەوانەی کە توانای ئەوەیان هەبوو دەنگ بدەن ، لەگەڵ

بەرپرسیارێتی ڕاوێژکاران .
لیبرالّەکان بە وورەیەکی زۆرەوە خۆیان دەرخست ، بەلاّم کرێکاران و سۆسیال دیموکراتەکان خۆیان وا دەردەخست کە ڕەزامەندی خەڵك وەرگرن .

September , سێپتێمبەر

بەشەکانی چاپەمەنی لە مۆسکۆ دەستیان کردە سازدانی مانگرتن ، لەگەڵ بەرزکردنەوەی داواکاریەك ، کە دەبێت کرێی خوێندنەوەی نووسراوەکانیش بدرێت .

Oktober , ئۆکتۆبەر
بەشەکانی چاپەمەنی ( سانت پیترسبۆرگ ) لە پێناو پشتیوانی کردندا دەستیان کردە ڕێکخستنی مانگرتن ، هێڵەکانی شەمەندەفەر ، ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکان ، هاتنە هاوپشتی کردنی ئەم مانگرتنە،
لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە لە پێناو (٨) کاتژمێر کاری ڕۆژانەدا ، مانگرتنەکانیان ڕێکخەن ، نیوەی زیاتری ئەم مانگە ، سۆڤیەتی ( سانت پیترسبۆرگ ) بە مانگرتویی مانەوە ، پاشان بە شێوەیەکی گشتی مانگرتنەکان خۆرێك خستنێکی تری لەخۆگرت ، ئەویش سەپاندنی داواکاری ( ٨ ) کاتژمێر کار بوو لە ڕۆژێکدا .
لە نێوانی چەند ڕۆژێکدا سەدەها نوێنەرایەتی بەشە جیا جیاکانی سۆڤیەت ، خۆیان خستە ڕوو ، لە ( ٢٨ ) ی ئۆکتۆبەردا لە ( کرۆنشتاد ) یاخی بوونی سەربازەکان و دەریاوانەکان ڕێژنەی کرد .

November ، نۆڤەمبەر
سۆڤیەتەکان بانگەوازەکانیان کۆکردەوە ، بۆ بەرجەستە کردنی داواکاریەکانیان ، ڕاستەوخۆ , لە پێناو داواکردنی ( ٨ ) کاتژمێر کار لە رۆژێکدا ، لە پێناو یەکخستنی سەرکردایەتیەکدا بۆ جێ بەجێکردن و خۆڕێکخستنی مانگرتنە گشتیەکانی دەریاوانەکانی ( کرۆنشتاد ) .
گۆرانی بێژە ئۆپێراکان کە لە یەکەم پێکدادانی کرێکاران و تساردا وەك بێلایەن خۆیان نیشاندا ، وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەگەڵ داخوازیەکانی کرێکاراندا هاتنەوە .

December , دێسەمبەر
پێشەواکانی سۆڤیەت لە ( سانت پیترسبۆرگ ) هەموویان دەست گیرکران ، لە مۆسکۆ بانگەوازی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە کرا ، پاش ( ٩ ) ڕۆژ لە بەرەنگاربوونەوەیەکی جوامێرانەی بێ وێنە ،

ئەم یاخی بوونە تێك شكا .

لە ساڵی ( ١٩٠٦ ) بە دواوە
پەرلەمانێكی تازە ، دۆما ، لە مانگی ئەپریل ( ٤ ) دا دروست بوو ، پاش ( ٣ ) مانگ دواتر هەڵوەشایەوە ، دوو ساڵ لە شۆڕشێكی بەرەنگاربوونەوەی دڕ ، پێویست بوو ، بۆ ئەوەی دواهەمین بەرەنگاربوونەوە وەك هێزێكی زیندووی بزوێنەر نیشان بدات ، تا ساڵی ( ١٩٠٥ ) بكاتە هێمای بەرەنگاربوونەوە .

==========================================================

* - ئەم نووسراوە لە بڵاوكراوەی ( سۆسیالیزم ) ی ژمارە ( ١٦٧ ) ی هۆڵەندادا ، بڵاوكراوەتەوە ، ئەم نووسراوە لە لایەن ( maina van der zwan ) داڕێژراوە .
ئەم بڵاوكراوەیە لە لایەن ( ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی ) هۆڵەنداوە بڵاودەكرێتەوە .